www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-10-2006 9:19

لە پەرلەمانی سوێد و پارتی چەپی سوێدیەوە خاتوو ئوله هۆفمان بۆ دووهەمین جار لە مێژووی پەرلەمانی سوێدا جلی کوردی لە بەرکردبوو ... حەمە دۆستان

ئەمرۆ کە پەرلەمانی نوێ سوێد دەستی بەکار کرد، خاتوو ئولە هۆفمان بۆ دووهەمین جار لە مێژووی پەرلەمانی سوێدا جلی کوردی لە بەرکرد بوو. سەرۆکی پەرلەمان بە گەرمیەوە بەخێرهاتنی لە خاتوو ئولە کرد. مەلیکەی سوێد بە ئیعجابەوە وردبۆتەوە لە جلە کوردییەکانی و پێی ڕاگەیاندوە کە بەلایەوە جلەکان جوانە.

هەرچەندە مایەی دڵخۆشی و شانازیە کە کۆتایی ڕۆژی پەرلەمانی ئەم سیاسیە ناودارەی سوێد بە جلی کوردییەوە بێت، لە هەمان کاتدا جێگەی داخە، لەو بڕوایەدا نیم کەس بتوانی جێگەی ئولە بگرێتەوە.
خاتوو ئولە ووتارێکی کورتی ماڵئاوایی لە پەرلەمانی سوێد خوێندەوە:
"من بە شانازییەوە دەروانم بۆ خەبات و کۆمەککردنمان لە کورد. ئەمرۆژ لەبەرکردنی ئەم بەرگە ڕەنگینە دەربڕینی بەشێکی ڕوون و گرنگە لەخەباتی خۆم و حیزبەکەم. پەرلەمانی سوێد پێویستی هەیە بە ئەندامانێک کە ئەسڵیان کورد بێت، هیوادارم لە داهاتوودا زۆر کەسانی تر ئەم بەرگەیان لە بەردا بێت. ئەمرۆکە لە پەرلەمان دا تەنها کوردێکی لێ نیە، بە داخەوە ئامینە کاکە باوەکە کاندیدمان بوو دەنگی شەشەمی هێنا و نەهاتە ناو پەرلەمانەوە.
پارتی جەپ هەمیشە ئەو پارتە بووە کە بەرگری لە مافی کورد کردووە، بەشێک لە هەوڵەکانی لە ڕێگای ئەو داوایانەی کە پێشکەشمان کردووە بۆ پەرلەمانی سوێدی و هەروەها بەشێکی تر لە ڕێگای پەیوەندیمانەوە بە کەسایەتی و ڕێخراوی کوردییەوە. "
یەکێک لە هەرە کارەگرنگەکانی خاتوو ئولە دامەززاندنی ئۆرگانێک {کۆمەڵەی} کوردی لە پەرلەمانی سوێدا کە ئێستا 6 پارتی پەرلەمانی تیا بەشدار بووە، هەوڵی داوە سوێد لە هەولێر و دیاربەکر قونسوولیەت بکاتەوە. هەروەها ڕۆڵی گرنگی بێنیوە بۆ هەڵەبجەو ئەنفال بۆ نموونە پەرلەمانی سویدی ڕۆژی 16 ئازار بکرێتە ڕۆژی جیهانی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی...
خاتوو ئولەی دڵسۆز بەکورد، وەکو پارتێکی سەربەخۆی کوردستانی کاری بۆ کورد کردووە. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکەی ئەم دواییەدا ووتی "من دڵخۆشم بەوەی کە خۆم بە کورد دەزانم، من کوردی سوێدم و لە سوێد دەژیم. " هیوادارین ئەو زەمینەی کە خاتوو ئولە درووستی کردووە لە پەرلەمانی سوێددا بۆ کورد، نوێنەرانی کورد سوودی لێ وەربگرن و ئەو کارە نێوە چڵانەی کە خاتوو ئولە لە دوای خۆی بەجێهێڵاوە بە ئەنجام بگەینرێن.
هەرچەندە خاتوو ئولە وازی لە پەرلەمان هێناوە و لەسەرکردایەتی پارتی چەپ کاردەکات، ئێمەی کورد هەر زیاتر چاوەروانی دۆستایەتی و کاری زۆرتری بۆ کورد لێ دەکەین. بە هێوام مێدیای کوردی و دەستەڵاتدارانی کورد خاتوو ئولە لە بیر نەکەن و بەرز بنرخێنن و وەفاداربن و بەلای کەمەوە خەڵاتی دۆستی کوردی پێشکەش بکەن!

حەمە دۆستان.

1. خاتوو ئولە هۆفمان لە گەڵ هەدیە گوزال {کوردی باکورەو سکرتێری کابینەی ڕاگەیاندنی پارتی چەپە}
2. خاتو ئولە هۆفمان لە پەرلەمانی سوێددا